# بەشی زمانی کوردی

# کۆلیژی زمان

# زانکۆی سەلاحەدین

# بابەت : وشەسازی

# کۆرسبوک :دبلۆمی باڵا/ کۆرسی یەکەم

# ناوی مامۆستا :د.ساکار ئەنوەر حەمید

## ساڵی خوێندن :٢٠٢٣-٢٠٢٤

# Course Book

| | |
|---|---|
| ١- ناوی کۆرس | وشەسازی |
| ٢-ناوی مامۆستا | د.ساکار انور حمید |
| ٣-کۆلیژ /بەشی زانستی | کۆلیزی زمان /بەشی زمانی کوردی |
| ٤- پەیوەندی | ئیمەیڵ : sakar.hameed@su.edu.krd |
| ٥- کاتژمێرەکان لە هەفتەیەکدا | ٢ کاتژمێر تیۆری لەهەفتەیەکدا |
| ٦- ژمارەی کارکردن | ٥ رۆژ ئامادەبوون بۆ سەرپەرشتیکردنی باسی دەرچوونی قوتابیانی قۆناغی چوارەم، لەگەڵ گوتنەوەی وانە بەقوتابیان |
| ٧- کۆدی کۆرس | |
| ٨- پرۆفایلی ئەکادیمی مامۆستا. | من(د.ساکار انور حمید) هەڵگری بروانامەی دکتۆرا، نازناوی زانسی(مامۆستا)، پسپۆری زمان/دەنگسازی، دەرچووی کۆلێژی زمان/بەشی کوردی ساڵی ٢٠٠٤/٢٠٠٥، بۆماوەی ٢ساڵ (ی.توێژەر) کارکردن لەهەمان کۆلێژ، دواتر لە سالی ٢٠٠٩ بروانامەی ماستەرم پێ بەخشرا، لەساڵی ٢٠١٠ نازناوی مامۆستای یاریدەدرم پێدرا، هەر لەو ساڵە وانەی (زارناسی)م بەقۆناغی یەکەم وتەوە، دواتر وانەی (تیۆری زمان) بەقۆناغی سێیەم، سالی ٢٠١٥-٢٠١٦ (تیۆری زمان)بەهەمان قۆناغ، وانەی (شارستانییەی کورد)یش بە قۆناغی دووەم دەگووتەوە،سێ ساڵ لەمەوبەر و هەروەها ئەمساڵیش وانەی ( لێکسیکۆلۆجی + ئیتیمۆلۆجی) بە قۆناغی دووەم دەڵێمەوە لەگەڵ وانەی ( وشەسازی) بە قۆناغی دبلۆمی بالاَ، واتە ماوەی(١٤) ساڵە وەکو مامۆستا کاردەکەم لەهەمان کۆلیژ و بەشی ناوبراو کە لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، سوپاس. |
| ٩-وشە سەرەکیەکان | پێناسەی وشەسازی، مۆرفیم، چاوگ، ئیدیەم،زاراوە ، مۆرف، ئەلۆمۆرف، رێگاکانی دروستبوونی وشە و زاراوە |

ناوەرۆکی گشتی کۆرسەکە: وشەسازی زانستێکە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە لە ڕۆنانی ناوەوەی وشە.مۆرفیم و مۆرف و ئەلۆمۆرفەکانیش بەشداری لە پێکهاتنی وشە دەکەن، هەروەها لەم کۆرسەدا گرنگی بە مۆرفیم و جۆرەکانی

| |
|---|
| دەدرێت، باس لە گیرەکی ڕێزمانی و گیرەکی داڕشتن دەکرێت. جگە لەمانە، باسی چاوگ و ئیدیەم کراوە وەکو پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی.وشەسازی زانستێکی گرنگە لە لێکۆلینەوە زمانوانییەکاندا ناتوانرێت فەرامۆش بکرێت لە بابەتەکانی خوێندنی قۆناغی زانکۆیی بەتاییەتی بەشی زمانی کوردی. |
| ئاما نجی کۆرسەکە : ئاشناکردن و ناساندنی قوتابیان بە چەمك و پێناسەی وشەسازی ،ناساندنی مۆرفیم و زاراوە و گیرەك و نوسەك و ئیدیەم و بڕگە و چاوگ...هتد، هەروەها ئاشناکردنی قوتابیان بەو لێکۆلینەوە وشەسازییانەی کە لەسەدەکانی رابردووەوە تا ئەمرۆ نوسراون. |
| بەرپرسیارێتیەکانی قوتابی:<br>قوتابی بەدرێژایی ئەم ساڵەی خوێندنی کە لەسەریەتی ئەم ئەرکانەی خوارەوە جێبەجێ بکات، کە لە لایەن ماموٚستای بابەتەوە پێی دەسپێردرێت، وەکو:<br>١-را پۆرتێك لەسەر یەکێك لە بابەتەکانی ناو کۆرسە کە، یان نزیك لە بابەتەکە.<br>٢-رێژەی ئامادەنەبوونی قوتابی بەبێ هۆ لەوانەکان و کەوتن بەهۆی نەهاتنەوە.<br>٣-ئاگادار کرنەوەی قوتابیان لە رۆژ و مانگ وکاتژمێری تاقیکردنەوەکان و نمرەی تاقیکردنەوەکە و ئامادەبوونی قوتابی لە رۆژی تاقیکردنەوەکە و مۆڵەت پێنەدانی بەهیچ شێوەیەك، ئامادەنەبوونی بە کەوتوو هەژمار دەکرێت. |
| شێوازی وانەوتنەوە :<br>-لە رێگاکانی وانە وتنەوەدا پشت دەبەسترێت بە رێگای تەکنیکی نوێ بە تاییەتی کۆمپیوتەر و داتاشۆ بۆ پێشکەشکردنی سەرە بابەتەکان و خاڵە سەرەکییەکانی )Power Pointبەبەکارهێنانی پرۆگرامی ( بابەتەکان و نوسینی پرسیار، ئەمەش رۆڵێکی گرنگی دەبێت لە ڕاکێشانی سەرنجی قوتابیان بەرەو بابەتەکە.<br>-رێکخستنی تەختە و نوسین بە شێوەیەکی روون و رێك تا قوتابیان زیاتر سودمەند بن.<br>-بەکارهێنانی کاری گروپی بە قوتابیان و پێشبڕکێی پرسیار و وەڵام لە نێوانیاندا.<br>-رێگاکانی وانە وتنەوە دەبێت بەبێ جیاکاری نێوانیان، بە پێی هەرسێ ئاستی ( زیرەك، ناوەند، بیرکۆڵ )ی قوتابیان ئە نجام بدرێت.<br>- پرسیارکردنی ماموٚستا لەکاتی وانە وتنەوەدا خاڵێکی گرنگە دەبێتە هۆی بەکارخستنی مێشکی قوتابی و بەشداریکردن لە وانەکە. |
| شێوازەکانی هەڵسەنگاندن |

**قوتابی بەدرێژایی ئەم ساڵەی خوێندن یەك تاقیكردنەوە ئەنجام دەدات، تاقیكردنەوەكەش ( ٢٠ ) بیست نمرەی لەسەر دەبێت ، ١٥ نمرەش لەسەر چالاكی سیمینار یان پێشكەشكردنی باسێك دەبێت لەبارەی یەكێك لە بابەتەكانی وانەكە، ( ١٠ ) دە نمرەش لەسەر ئامادەكردنی ڕاپۆرت لەگەڵ ( ٥ ) پێنج نمرە ش لەسەر كویز دادەنرێت، كە دەكاتە ( ٥٠ ) پەنجا نمرە، كۆتایی سالیش ( ٥٠ ) پەنجا نمرەی لەسەرە كە دەكاتە ( ١٠٠ ) سەد نمرە.**

**دەرئەنجامی فێربونی قوتابی: روونی ئامانجە سەرەكییەكانی بابەتی وشەسازی بۆ قوتابیان وەك لەسەرەوە ئاماژەمان بەهەندێكیان كرد، بەڵام یەكێك لەئامانجە هەرەسەرەكییەكان ناساندنی پێناسەی وشەسازی، مۆرفیم، ئەلۆمۆرف، گیرەكی ڕێزمانی، گیرەكی وشەدارێژ، نوسەك، ئیدیەم،زاراوەسازی ، ڕێگاكانی دروستبوونی وشە و زاراوە.**

## لیستی سەرچاوەكان:


**١-ساكار انور حمید( ٢٠٠٩ )وشەخواستن لەزمانی كوردیدا ( لێكۆلینەوەیەكی ئیتیمۆلۆجییە )،نامەی ماستەر ،هەولێر، .**

**٢- ئەورەحمانی حاجی مارف ( ١٩٧٧ ) ، وشەرۆنان لە زمانی كوردیدا، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا.**

**٣-ئەورەحمانی حاجی مارف ( ١٩٧٥ ) ، وشەی زمانی كوردی، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا.**

**٤- ئەورەحمانی حاجی مارف ( ٢٠٠٠ )، بنج و بنەوانی هەندێ وشە، بەشی یەكەم،بەغدا.**

**٥-تابان محمد سعید حسن ( ٢٠٠٨ ) گەشەسەندن و پوكانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، سلێمانی.**

**٦- رۆژان نوری عبدالله ( ٢٠٠٧ )، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی كوردی، چاپی یەكەم ،كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی كۆیە.**

**٧- بازیان یونس، ٢٠١٣، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاكس، هەولێر.**

**٨_ئەورەحمانی حاجی مارف،( ١٩٧٩ )، مۆرفۆلۆجی( ناو )، بەغدا.**

**٩_ ئەورەحمانی حاجی مارف،( ١٩٨٧ )، وشەرۆنان لە زمانی كوردیدا، بەغدا.**

**١٠_كامل حسن البصیر، ١٩٧٩،زاراوەی كوردی، سلێمانی.**

**١١_جولیا. اس ،فالك، زبان شناسی و زبان،١٣٧١،و: خسرۆ غلام عەلی زادە**

**١٢_ محمدامین هەورامانی، ١٩٧٤، فیلۆلۆژیای زمانی كوردی، بەغدا.**

**١٣_رفیق شوانی، وشەسازی زمانی كوردی،٢٠١٤، چاپی دووەم، هەولێر.**

**١٤_ محمد معروف فتاح و صباح رشید قادر، ٢٠٠٦، چەند لایەنێكی مۆرفۆلۆجی كوردی.**

**١٥_ كازم عباس عەلی، ٢٠١٣، چاوگ ( سەرچاوە و ژێدەر )،هەولێر.**

**١٦_حاتم ولیا محمد،٢٠١٩،مۆرفۆلۆجی، چاپی یەكەم، هەولێر.**

| ١٧_ شیلان عومەر حسین، ٢٠٠٩، ئیدیەم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، سلێمانی. | |
|---|---|
| ناوی مامۆستا | بابەتەکان |
| د. ساکار انور حمید<br>یەکەی وانە : ٣ یەکە | هەفتەی یەکەم: زمان و ئاستەکانی زمان<br><br>هەفتەی دووەم: پێناسەی وشەسازی/ بەشەکانی ئاخاوتن<br><br>هەفتەی سێیەم: پێناسەی وشە/ لێکسیم/ فۆرمە_ وشە<br><br>هەفتەی چوارەم :مۆرفیم و مۆرف و ئەلۆمۆرف<br>هەفتەی پێنجەم: جۆرەکانی ئەلۆمۆرف/ ڕەگ و قەد و بنج و بناغە ( پایە )<br><br>هەفتەی شەشەم : جیاوازی نێوان وشە و مۆرفیم/ جۆرەکانی مۆرفیم/ هێلکاری جۆرەکانی مۆرفیم<br><br>هەفتەی حەفتەم: جۆرەکانی گیرەك: ١-گیرەکی ڕێزمانی ٢- گیرەکی وشەدارێژ<br><br>هەفتەی هەشتەم: نوسەك ( clitic ) / تایبە تمەندییەکانی نوسەك<br><br>هەفتەی نۆیەم: تاقیکردنەوە<br><br>هەفتەی دەیەم: چاوگ/ پۆلینکردنی چاوگ لە ڕووی پێکهاتنەوە<br><br>هەفتەی یانزەهەم: ئیدیەم/ ئیدیەم و وشە/ ئیدیەم و پێکهاتەی مۆرفۆلۆجی<br><br>هەفتەی دوازدەهەم: زاراوە/ جیاوازی نێوان زاراوە و ئیدیەم<br><br>هەفتەی سێزدەهەم: پرۆسێسەکانی وشەسازکردن و داهێنان و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشە و زمان |

| | |
|---|---|
| | هەفتەی چواردەهەم: جۆرەکانی زمان و پۆلکردنی بە پێی مۆرفۆلۆجی/ تایبەتییەکانی پۆلە زمانەکان<br><br>هەفتەی پازدەهەم: کویز |

**نموونەی پرسیاری تاقیکردنەوە :**

**پ١/ پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە؟**

**وشەسازی: زانستێکی زمانە لە پێکهاتنی وشە دەکۆڵێتەوە.**

**ئەلۆمۆرف: شێوەی جیاجیای مۆرفیمێکە.**

**ئیدیەم: یەکەیەکی زمانی یا نا زمانییە ، واتای گشتییەکەی جیاوازە لەواتای پارچەو بەشەکانی، بەشیوەی وشەو گرێ و دەستەواژە و رستەی کورتکراوە لەزمانی کوردیدا بەکاردێت.**

**پ٢/ وەلامی راست یان چەوت بەرامبەر ئەم دەستەواژانەی خوارەوە دابنێ :**

**قەد وشەیەکە لە چاوگەوە وەردەگیرێت بە لادانی ( ن )ی چاوگ.**

**وەلام : راستە**

**پ٣/ هەڵبژاردن : وەلامی راست هەڵبژێرە :**

**جۆرێکە لە مۆرفیمی بەند بە رەگ و قەد و بنجی وشەوە دەلکێت و ئەرك و واتای جیاجیا دەدەن بەدەستەوە.**

**أ-نوسەك ب-گیرەك ج -بنکەی بەند**

**وەلام : ب**

**تێبینی تر :**

**پێداچونەوەی هاوەڵ**